# نەخشەرێگای یەکگرتنەوە

**الف.پێشەکی:**

1- پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە، واتە پرۆژەی پێداچوونەوەی رەخنەگرانە بە ئەزموونی ناسەرکەوتووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بووژاندنەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵە و سەرهەڵدانەوەی ئەو رەوتە، کە پاش چەندین ساڵ کاری نەزەری و فکری و دارشتنی خەت و رێبازێکی سیاسی پتەو سەرەنجام لە ساڵی 2000دا هاتە بەر و بوو بە هۆی جیابوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ساغکردنەوەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، قۆناغێکی گەورەی ژیانی سیاسی کۆمەڵە و لاپەڕەیەکی پرشنگداری خەباتی کۆمەڵە پێك دەهێنێت.

ئەو پرۆژەیە بوو کە توانی سەرکەوتووانە کۆمەڵە لەژێر کاریگەری ئیدیۆلۆژییەکی چەقبەستوو و نەزۆك بهێنێتە دەر و بیخاتەوە سەر بنجی رەسەن و پێشکەوتنخوازی پێشووی خۆی و لەهەمان کاتیشدا بەگوێرەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم و پێویستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان نوێی بکاتەوە. ئەو پرۆژەیە بوو کە جارێکی دیکە بەهەق کۆمەڵەی وەکوو ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و وەکوو پێشەنگی دێمۆکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکاری ماف و ئاواتەکانی کۆمەڵانی چەوساوەی کوردستان هێنایەوە سەر شانۆی سیاسی کوردستان. بەهەڵکەوت نەبوو کە ساغبوونەوەی کۆمەڵە جموجۆڵێکی وەها گەورەی لە کوردستانی رۆژهەڵات خستەڕێ و سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشا. متمانە و بڕوابەخۆیەکی گەورەی بەهەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بەخشی، بوو بە مایەی شانازی و سەربەرزی لەنێو دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە هەموو کوردستاندا، رووناکبیرانی کوردستانی جارێکی دیکە لەگەڵ ئاشت کردەوە و پەیوەندی دانەوە، کۆمەڵەی بردەوە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەزاران تێکۆشەری کۆن و نوێی بەرەو کۆمەڵە هان دایەوە. پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە لەژێر ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران یانی ناوی دێرینی کۆمەڵە چوارچێوەیەکی فکری و نەزەری پتەو و لەباری بەرهەم هێنا و خەت و رێبازێکی هەمەلایەنەی مونسەجیمی دارشت کە تا ئێستاش لە محەکی ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتوو و سەربەرز هاتۆتەدەر. پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە قۆناغێکی گەورە و بەرچاوی ژیانی سیاسی ئێمەمانان و پێناسەیەکی هاوبەشی لەسرینەوە نەهاتووی هەموو تێکۆشەرانی ئەو رێبازەیە و هەر ئەو پێناسەیەش دەتوانێ بنەمای یەکگرتنەوەی هەموو ئەو کەس و لایەنانە بێت کە سەربەم رێبازەن و لێك هەڵبڕاون.

2- دابڕانی ساڵی 2007 لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، کە ناوی "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"ی بۆخۆی هەڵبژارد پێویستییەکی سیاسی نوێنەرایەتی نەدەکرد، هەڵگری خەت و ڕێبازێکی سیاسی جیاواز و تۆکمە نەبوو، جێگەی خۆشی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا بۆ نەکرایەوە. ئەو هەنگاوە نەك تەنیا نەبوو بەهۆی هەڵسانەوە و گەشەی کۆمەڵە بەڵکوو زەبرێکی گەورەشی لە ڕەوتی گەشەی کۆمەڵە وەشاند. خەڵکی بەرەو کۆمەڵە هان نەدا بەڵکوو دڵساردی کردنەوە و دووری خستنەوە، نەبوو بە مایەی سەربەرزی و دڵخۆشی و چالاکیی فراوانتر بەڵکوو خەمۆکی و پەرتەوازەیی لێکەوتەوە. بەهەموو ئەم هۆیانەوە، یەکگرتنەوەی کۆمەڵە دەبێ بەمانای "سڕینەوەی ئاسەواری دابڕان" و خستنەوەی کۆمەڵە بۆ سەر دۆخی یەکگرتووانەی خۆی بێت.

3- یەکگرتنەوەی کۆمەڵە ویستی بەردەوامی لایەنگران و دۆستان و دڵسۆزان لەناوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات و هەموو هۆگرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردە. یەکگرتنەوەی کۆمەڵە پێویستییەکی سیاسی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگای کوردستانیشە. کۆمەڵەیەکی یەکگرتووی خاوەن ڕێبازی دروست و خاوەنگوتاری گونجاو، کۆمەڵەیەکی یەکڕیز و پتەو و بەدیسیپلین، کۆمەڵەیەکی کارامە و چالاك، گەورەترین دیارییەکە کە ڕێبوارانی ئەم ڕێبازە دەتوانن بە گەلی کورد، بە بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازی ئێران و ناوچەکە و بە ڕەوتی پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگای کوردستانی ببەخشن و گونجاوترین وەڵامێکە بە پێویستییە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایە. خۆدزینەوە لە یەکگرتنەوە، لەژێر هەر ناوێك و بەهەر بیانوویەك، نابەرپرسانە و نابەجێیە.

4- ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا لە هەردووك لاوە هەڵگیراون، وەکوو کۆبوونەوەکانی هەیئەتی نوێنەرانی هەردووك لا، دیداری سکرتێرەکان و دوو دیداری تێروتەسەلی هەردووك کۆمیتەی ناوەندی، بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندنی هاوبەش و هتاد هەنگاوی ئەرێنی و دڵخۆشکەر بوون و توانیویانە تا ڕادەیەکی باش لە گەڕانەوەی متمانە و لێکتێگەیشتنی هاوبەش نەقشی پۆزەتیڤ بگێڕن. ئەو چەشنە هەوڵانە دەبێ تا گەیشتن بە نەتیجەی کۆتایی و ڕێککەوتنی یەکجاری درێژە بدرێن و قووڵتر بکرێنەوە.

**ب. بنەماکان:**

1- ئێمە لە چوارچێوەی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"دا یەك دەگرینەوە.

2- پێڕەو پرۆگرام (بەرنامە و ئەساسنامە)ی کۆمەڵەی شۆڕشگێر لەکاتی یەکگرتنەوەدا وەکوو خۆی دەمێنێتەوە و پەیڕەو دەکرێ. لە هەمان کاتدا هەموو ڕێگەیەکی یاسایی بۆ تاوتوێ کردن و لێدوان و دانی پێشنیاری گۆڕانکاری لەو دەقانەدا بۆ هەمووان خۆش دەکرێ تا لە کۆنگرەی داهاتووی کۆمەڵە واتا کۆنگرەی پازدەهەمدا بخرێتە بەر ڕاپرسی نوێنەرانی کۆنگرە و دەنگدانی ئەوانەوە و بەمەرجێك زۆرینەی دەنگیان هێنایەوە گۆڕانکارییەکان ڕەچاو بکرێن.

3– هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان وەکوو ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و هەموو پێشمەرگەکانی وەکوو پێشمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەناسرێن. مافی یەکسان بۆ هەمووان رەچاو دەکرێت و هیچ فەرق و جیاوازی و هەڵاواردنێك لەنێواندا نامێنێت.

4– لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بەسەرراگەیشتن و چاودێری کردن پرۆسەی یەکخستنەوە و وەرگرتنی سکاڵاکان و رەواندنەوەی کێشەکان لەلایەن هەر دووك لاوە دیاری دەکرێت.

5– لیستی هەموو دارایی و کەرەسە و ئیمکاناتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەوردی لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشەوە ئامادە و پێشکەش دەکرێت.

6– لە گەڵ مۆر کردنی رێککەوتننامەی نێوانمان کۆتای بەو لێکترازانە دێنین و دەبینەوە بە یەك حیزب و لە کۆمەڵەدا خەباتی هاوبەشمان درێژە دەدەین.

<u>**ج. قۆناغەکان و هەنگاوەکان:**</u>

بەگشتی، یەکگرتنەوە سێ قۆناغ و کۆمەڵێك هەنگاو لەخۆ دەگرێ:

<u>قۆناغی یەکەم، رێککەوتن.</u> دەستپێکردنی دانوستاندن و چاوپێکەوتنەکان، ئاسایی کردنەوەی نێوان، لێکتێگەیشتن و دروست کردنی متمانە، ئاڵوگۆری بیروڕا و پێشنیارەکان تا دەگاتە رێککەوتن لەسەر یەکگرتنەوە و چۆنیەتییەکەی. ئەم قۆناغە تا رادەیەکی زۆر تێپەڕ کراوە و ماوتەوە رێککەوتنی یەکجاری و راگەیاندنی بە رای گشتی کە لانی زۆر تا کوتایی مانگی مای بەئەنجام بگا.

<u>قۆناغی دووهەم، یەکگرتنەوە.</u> لەم قۆناغەدا بەدوای راگەیاندنی یەکگرتنەوە و راگەیاندنی پێویستی تر، ئۆردووگاکان بەکردەوە تێکەڵ دەبنەوە، ئەندامان و پێشمەرگەکان تێکەڵ دەبنەوە، ئۆرگانەکان تێکەڵ دەبنەوە، کەسی شیاو بەبێ جیاوازی و بەگیانی هاوبەشی و هاوپشتی و یەکگرتنەوە رێك دەخرێن و سازمان دەدرێن. لیژنەیەکی هاوبەش بۆ ماوەی دوو مانگ بەسەر یەکخستنەوەدا رادەگەن و هەر گیروگرفتێك هاتە پێش چارەسەری دەکەن و کەش و هەوای یەکگرتوویی و تەبایی پەرە پێدەدەن. لەم ماوەیەدا کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کاری شیاویان پێ‌دەسپێردرێت و کەسانێکیشیان وەکوو چاودێر لە کۆبوونەوەکان و پلێنۆمەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕدا بەشداری دەکەن و لەنزیکەوە لە هەموو بڕیارەکان ئاگادار دەبن و کاریگەری خۆیان دادەنێن.

<u>قۆناغی سێهەم، کۆنگرە.</u>

لەم قۆناغەدا کە بەدوای دوومانگ لە راگەیاندنی یەکگرتنەوە دەست پێدەکات، ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی پازدەهەم دەکرێت و کۆنگرە لە ماوەی شەش تا نۆ مانگدا دەبەسترێت. لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە

بەشێوەیەکی جێگەی ڕەزامەندی هەموان ڕێکدەخرێت. یاسا و ڕێسای پەیوەندیدار بە سازدانی دیالۆگی حیزبی و رادەربڕینی ئازادانە و بەرپرسانە لەسەر پێڕەو و پرۆگرام و سیاسەتەکانی کۆنگرە لەلایەن ئەم لیژنەوە و لەچوارچێوەی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی شۆڕشگێردا دیاری دەکرێت. گۆڤارێك بۆ مشتومڕی نەزەری و سیاسی دادەمەزرێت. لە کۆنگرەی پازدەهەمدا بێجگە لە ئیسلاح کردنی بەرنامە و پیڕەوی ناوخۆ و دارشتنی سیاسەتەکان، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەش بەدەنگی زۆرینەی نوێنەران هەڵدەبژێردرێ. هەموو لایەك بۆ رەخساندنی کەش و هەوای هاوڕێیانە و پڕلە هاوپشتی و یەکگرتووانە و بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای شیاوبوون و کارامەیی هەوڵ دەدەن.

لە لایەن هەیئەتی دانوستانکاری

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

2014/5/1